کۆمسیۆن بۆ دانیشتوانی ناوچە دابڕێندراوەکان: نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەنها 15 ڕۆژی ماوە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئاگاداریی بەپەلەی دانیشتوانی ناوچە دابڕێندراوەکان دەکات کە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەنها 15 ڕۆژی ماوە و لە 25ـی (نیسان/4) کۆتایی دێت، دەشڵێت، دەنگدەرانی سنوری پارێزگای (کەرکوک، سەڵاحەدین و نەینەوا) دەتوانن لە پارێزگایەکی دیکەوە خۆیان بگوازنەوە بۆ ئەم پارێزگایانە یان بەپێچەوانەوە، بەو مەرجەی فەرمی خێراکیان پێش (کانونی یەکەم/12)ـی 2013 گواستبێتەوە".

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمڕۆ هەینی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری لەبارەی ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی دەرکرد، کە بۆ ماوەی یەک مانگە لە 25ـی (ئازار/3)ـی 2025ـەوە دەستیپێکرد و لە ڕۆژی 25ـی (نیسان/4) کۆتایی دێت. ئاماژەی بەوەشکرد، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، تۆمارکردن بۆ یەکەمجار (التسجیل لأول مرة) لەخۆدەگرێت، کە ئەوانەی هەتا ئێستا بەهەر هۆکارێك خۆیان تۆمار نەکردووە دەتوانن خۆیان تۆماربکەن. هەروەها زیادکردن (الاضافة) لەخۆدەگرێت کە ئەو دەنگدەرانەی کە لەدایکبوی 2007 بەرەو خوارەوەن دەتوانن خۆیان تۆمار بکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا دەتوانرێت گۆڕانکاری (التغییر) بکرێت، ئەو دەنگدەرانەی کە خوازیارن بنکەی دەنگدانیان لەسنوری نێو پارێزگا بگۆڕن لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی دیکە. بەڵام ئەگەر دەنگدەر بیەوێت لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە خۆی بگوازێتەوە، ئەوە پێویستە فۆڕمی خۆراکی (2021 – 2022)ی ئەو پارێزگایەی هەبێت کەخوازیارە خۆی بۆ بگوازێتەوە.

ئەوەشیخستەوە، دەنگدەرانی سنوری پارێزگای (کەرکوک، سەڵاحەدین و نەینەوا) دەتوانن لەپارێزگایەکی دیکەوە خۆیان بگوازنەوە بۆ ئەم پارێزگایانە یان بەپێچەوانەوە، بەو مەرجەی فۆرمی خۆراکیان پێش ڕێکەوتی 9ــی (کانونی یەکەم/12)ــی 2013 گواستبێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە نیازن خۆیانی بۆ بگوازنەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لەهەمو پارێزگاکان دەنگدەر بۆ هەیە خێزانی بگوازێتەوە بۆ بنکەی دەنگدانی خۆی، بەو مەرجەی گرێبەستی هاوسەرگیری هەبێت. هەروەها منداڵ (کوڕ یان کچ) کە هاوسەرگیریان نەکردبێت ئەتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ شوێنی دەنگدانی سەرۆکی خێزانەکەیان.

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی باسی لەوەشکردوە، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدان ڕاستکردنەوە (التصحیح) لە خۆدەگرێت، بەوەش ئەو دەنگدەرانەی کە کێشەیان هەیە لەناوەکانیان یان لەڕێکەوتی لەدایکبونیان یان لە وێنەی سەر کارتەکانیان یانیش کێشە لەکارتەکانیان، دەتوانن سەردانی بنکەی تۆمارکردن بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی داتاکانیان. هەروەها سڕینەوە (الحذف) ئەنجامدەدرێت بۆ ئەو کەسانەی کە کۆچی دوایان کردوە.